# سەردانێکی عەرەبی
# سەرۆك کۆمارلە سوریا ؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

سوریا لەناو قەرەوڵی هەڵۆکانی ئەمریکادایەویەکێکە لە خراپترین دەوڵەتەکانی ناوچەکە لەرووی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە بەتایبەتی مافە کولتوری و زمانیەکانی کورد کە تائێستا ئەو دەوڵەتە سەرەتاییترین شت کە ناسنامەیە بۆ کورد رەوا نابینێ و ناشیەوێت سودێك لە ئەزمونی تاڵی عیراق وەرگرێ، ئەم گۆرانکاریانەی عیراق ئەوەندەی دیکە سوریای نزیك خستەوە لە لێواری گۆران، چونکە سوریا زۆر بالأبەرزە لە یارمەتیدانی رێکخراوە تیرۆریستیەکان و هەناردنیان بۆ عیراق و دژایەتی کورد ئەبێ ئەمە لە بیرنەکەین کە بەعس هەر بەعسە بە هەموو مۆدێلەکانیەوە! بۆیە بە لەناوچوونی سووریا کوردی کوردستانی رۆژئاوا(سوریا) گەلێ قازانج دەکات وەك چۆن کوردی کوردستانی باشوور (عیراق) بە رمانی بەعس قازانجی کرد، لێرەدا من قسە لەسەر مام جەلال ناکەم وەکو کوردێك کە بۆچی لە سەردانەکەیدا بۆ سوریا بە هیچ جۆرێ هەستی بە ئازاری دوو ملیۆن کورد نەکردوو ئاماژەیەکیشی نەدا بە چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە سوریا؟ نازانم ئەگەر ئەمە بە ئاشکرا باس بکرایەو بکرایەتە دەرفەتێك بۆ پاڵپشتی دۆزی کوردو کێشەکەی و میدیاو ماسمیدیای عەرەبی و دنیامان بهێنایەتە دەنگ داخۆ هیچ رووی ئەدا؟ یان ئەگەر مەسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێم بە دیدە کوردستانیەکەی سەردانی سوریای کردبایە ئەو پێشوازیە گەرمەی لەو ئاستە بالأیە لێ ئەکرا؟! بەڵام دیارە سەردانەکە عیراقیەو ئیتر پێویست ناکات من لە سلێمانی و هەولێرەوە شان و باڵی پێوە بادەم و بڵێم مادام مام کوردە ئیدی سەردانەکەش بۆ خزمەتی کوردە، چونکە قورسایی سەردانەکە تەواو عیراقی و عەرەبی بوو، رەنگە پەیامێکی ئەمریکیەکانیش بوبێت بۆ جێبەجێکردنی یەکێك لە خاڵەکانی نێو راپۆرتەکەی بیکەر هامیلتۆن بەتایبەتی لە مەسەلەی چاوخشاندنەوە لە بریاری لەریشە دەرهێنانی بەعس، کەواتە ئەم سەردانە میانجیگەرییەك بوو لە نێوان رەوتی سوننەو بەعس و ئەمریکاداو هێنانەوەیانە بۆ ناو پرۆسەی سیاسی عیراقی تاوەکو رێگە لە مۆنۆپۆڵی شیعە بگرن بۆ دەسەڵات و ستراتیجیەتی ئەمریکاش ئەم نەهجەی قبوڵە، لەکاتێکدا کورد هێشتا نە سنورەکەی و نە فیدرالیەکەی بە شێوە رەسمیەکەی نەچەسپیون و تا بێت مەترسیەکانیش پەرە دەستێنێ و لە ئاستی ناوخۆشدا خەڵکی کوردستان بەدەست دەیان گرفتی بێکارەبایی و نەبوونی سوتەمەنی و خۆراك و گرانی بازارەوە ئەناڵێنن، ئاخر هێشتا بەعس بە چواردەورماندا تارمایی و مەترسین و کاریگەریەکانیان دیارە، ئەگەر ئەگەرێك هەبێت بۆ زیندوبونەوەی بەعسی عیراقی و چالاکیەکانیان ئەوا ئەو ئەگەرە لە سوریاوە نەش و نما ئەکات و گرنگە بە هەر نرخێك بووە ئێمە نەهێڵین بەعس زیندوو بێتەوە، چونکە ئێستا زۆرێك لە پاشماوەکانی بەعسی روخاو لە سوریاوئوردندا چاوەروانی بارودۆخەکەن و راپۆرتەکەی بیکەر هاملتنیش تەواو لە بەرژەوەندیان هەڵدەسورێ، ئیدی ئاشتکردنەوەی بەعس و سوننەی توندرەو بۆ ناو پرۆسەی سیاسی جگە لە بەخێوکردنی بەچکە گورگ و تولەمار هیچی دیکە نییە بۆ کورد!

**ئەم ووتارە لە گۆشەی هەناسەی هاولأتی بلأوکراوەتەوە لە 2007/1/24**